## چەند چالاکییەك  لە رۆژی جیهانی دژ بە ئیعدام




لە  رۆژی جیهانی دژ  بە ئیعدام  ١٠-١٠-٢٠٢٤ لە هەردوو شاری کەرکوك و هەولێر, رێکخراوەکانی مافی مرۆڤ و دژ بە جینۆساید دوو گردبوونەوە و کۆنگرەی رۆژنامەنووسییان ئەنجامدا, بە بەشداریی کەناڵەکانی راگەیاندن, داوایان لە عێراق و کوردستان کرد حوکمی ئیعدام نەمێنی, سەرۆکی عێراق و هەرێمی کوردستان واژۆ لەسەر هیچ بڕیارَکی ئیعدام نەکەن, هاوکات داوا کرا کەرامەتی زیندانی پارێزراو بێت, ئەشکەنجە و هەڕەشەی لەسەر نەمێنێت.

## نا بۆ ئیعدام, بەڵێ بۆ مافی ژیان

گەلی کورد قوربانی پلە یەکی ئیعدام و کوشتنی دەرەوەی دادگا و ئەشکەنجە بووە لە مێژوودا, کەم نین ئەوانەی لە رابردوو وە ئێستا تەنیا بەهۆی کوردبوونیان ئیعدامکراون, یاخود لە پرۆسەکانی جینۆساید مافی ژیانیان بە کۆمەڵ لێسەنراوەتەوە و ئیعدامی بە کۆمەڵکراون, بۆیە هەڵگرتنی ئەم بڕیارە وەحشیانەیە ئەرکێکی مرۆڤانە و وەڵامدانەوەیەکیشە بۆ تاوانەکانی رابردوو و نەفرەتە لێی, با کوردستان بکرێتە هەرێمی مافی ژیان. لە کۆنگرەی ستۆکهۆڵمی رێکەوتی ١١-١٢-١٩٧٧دا لەسەر ئاستی جیهان یەکەم هەنگاو نرا بۆ هەڵوەشاندنەوەی بڕیاری لە سێدارەدان کە لە راگەیاندنی ستۆکهۆڵمدا بەرجەستەکراوە, دوای ٤٧ ساڵ لە ئێستادا لەسەر ئاستی جیهان تەنها ٥٥ وڵات بڕیاری ئیعدام جێبەجێ دەکات کە مخابن عێراق یەکێکە لە پێشەنگەکانی, لە ناویاندا ١١٢ وڵات بە هەموو شێوەیەك

ئیعدامیان قەدەغە کردووە لە حوکمدان و جێبەجێکردندا. ڕێکەوتی ١٠-١٠ی هەموو ساڵێك ڕۆژی قەدەغەکردنی ئیعدامە لە جیهان, لەم ساڵ ٢٠٢٤ ڕێکخراوەکانی دژ بە ئیعدام وەك ساڵانی پێشوو زیاتر لە ١٠٠٠ چالاکی جۆراوجۆر لە زۆرتر لە ٧٠ وڵات ئەنجام دەدەن بۆ فشارخستنە سەر ئەو ٥٥ وڵاتەی تا ئێستا بەردەوامن لە سەپاندنی بڕیارو جێبەجێکردنی ئیعدام لە جیهاندا .

ساڵی ٢٠٢٣ لە جیهاندا ١١٥٣ حاڵەتی ئیعدام جێبەجێکراوە ,کە ٣١% زیاتر بووە لە ساڵی ٢٠٢٢, ئەوانەش لە ١٦ وڵات جێبەجێکراون, هەروەها ٢٤٢٨ حوکمی ئیعدامیش لە ٥٢ وڵات دەرچووە .



بەختەوەرانە هەرێمی کوردستان ماوەیەکی زۆرە بڕیاری جێبەجێکردنی ئیعدامی ڕاگرتووە, ئەمەش هەنگاوێکی باش و پۆزەتیفە, لەم ڕۆژەدا داخوازین لە کوردستان ئیعدام بە یەکجاری هەڵبوەشێتەوەو بچێتە ڕیزی ئەو وڵاتە مۆدێرنانەی جیهانەوە کە بڕیاریان داوە مافی ژیان لە مرۆڤەکان نەسێننەوە .لێرەوە داوا لە سەرۆك کۆماری عێراق بەڕێز دکتور لەتیف ڕەشید و بەڕێز نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان دەکەین واژۆ لەسەر هیچ بڕیارێکی ئیعدام نەکەن .

هەروەها لەم ڕۆژەدا داواکارین زیندانی نهێنی لە کوردستان نەمێنێت و هەموو زیندانییەك لە ماوەی ٢٤ کاتژمێردا هۆکاری مانەوەی ئاشکرا بکرێت, زیندانی سیاسی قەدەغەی یەکجاری بکرێت, ئەشکەنجە بە هەموو شێوەکانی قەدەغە بکرێت, دەستی سیاسییەکان لە دادگاکان نەهێڵرێت, داواکاری گشتی بەهێز بکرێت, پۆلیس ئەرکی دەستگیرکردنی تۆمەتبار بگرێتە ئەستۆ، کەرامەتی زیندانی پارێزراو بێت, دەست بۆ شمەکە تایبەتمەندەکانی وەك مۆبایل و کۆمپیوتەرو شمەکی بەر باخەڵ نەبردرێت کە پەیوەندییان بە دۆسیەکەیەوە نەبێت, ئەرکی

پشکنینی ئەوانەش تەنیا بە دادوەری تایبەتمەند بسپێردرێت. هەروەها تۆمەتباران بە تایبەتیش تۆمەتباری تاوانە گەورەکان وەك تاوانی جینۆساید و تاوانی جەنگ و تاوانی دژ بە مرۆڤایەتی لە سزا رزگاریان نەبێت.

نا بۆ ئیعدام, نا بۆ ئەشکەنجە, بەڵێ بۆ مافی ژیان, بەڵێ بۆ پاراستنی کەرامەتی مرۆڤەکان

رێکخراوی کوردستان بێ جینۆساید

تۆڕی KONCICC

هەڵمەتی دادپەروەری

هەڵمەتی ژیان نا بۆ ئیعدام لە کوردستان

١٠-١٠-٢٠٢٤